# خوێندوەی شیعری (شار) ی سوارەی ئیلخانی زادە

محەممەد تەرەغە

«... بەڵام هەر شتێك كە دەمێنێتەوە شاعیران بونیادی دەنێن» (هۆڵدرلین)

شیعری كوردی بە تازبونەوەی لە سەر دەستی گۆرانی نەمرو پاشانیش لە لایەن سوارە- وە نە تەنیا هەر لە رواڵەت و قاڵب و قەوارە شیعر، بەڵكو لە ناوەرۆكیشدا گۆڕانی بە سەر داهات و بە گشتی وشە لە شیعری هاوچەرخدا بەرپرسە و خۆی گیانلەبەرێكی تەواوە.

بەختەوەرانە پێشرەوی شێعری هاوچەرخی ئێمە بە تێدا بوونی وەها بیروباوەڕێكی مەزن و بە بایەخ، شیعری هاوچەرخیان باش بووژاندۆتەوە. كاك سوارە بە بووژاندنەوەی شیعری هاوچەرخ، شیعریشی بۆ ناوەوەی خۆی پێشەنگی كرد. واتە شیعری لە یەك لایەنی ڕزگار كرد.

شیعری شار یەكێك لەم شیعرە چەند لایەنیانەیە كە دەتوانێ بەرپرسایەتی ئەم شتانە وە ئەستۆ بگرێ كە لە چوارچێوەی ئەم شیعرەدا جێی دەبێتەوە.

بۆ چوونە ناو ناخی شیعرەكە پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی ژیانی شاعیر، بە تایبەت مێژووی ئەدەبی ئەوكات بدەینەوە. هەر وەك دەزانین ئەدەبیاتی وڵاتان لە یەكتردا ڕەنگدانەوەیان دەبێ و لە سەر یەكتر شوێن دادەنێن. سەروبەندی بووژانەوەی شیعری هاوچەرخی كوردی لە كوردستانی ئێران، هاوكات بوو دەگەڵ حكومەتی محەممەد رەزاشای پەهلەوی. بە هاتنە سەركاری ڕەزاشا ئاڵوگۆڕێك لە ڕواڵەتی وڵات پێكهات. بەتایبەت كە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەویان وەك سیمایەكی ئازادیخواز سەیر دەكرد. هەر بۆیە ئەسڵی نوێخوازی ڕۆژئاوا لە ئێران ڕاگەیاندرا، ئەم ئەسڵە لە ماوەیەكی كەمدا لە وڵات گەڕا. ئەم ئەسڵی نوێخوازییە شاعیرانی ئەوكاتی ئێرانی بە دوو دەستەی دەروەست و دژی دەروەست دابەش دەكرد.

دەستەی هەوەڵ پێیان وا بوو كە ئەم ئەسڵە فریودەرانەیە و دەبێ لە بەرانبەریدا ڕاوەستێ و بەربەرەكانی دەگەڵا بكرێ. بێ شك ڕێرەوانی ئەم دەستەیە، شاعیرانی سیاسی نیمایی بوون كە لە نیوەی دووەمی دەیەی چلی هەتاوی لە ئێران لە دژی ئەم ئەسڵە فریو دەرانەیە بەرەنگارییان دەكرد.

دەستەی دووەمیش بێ بایەخدان بەم ئەسڵە پێیان وا بوو كە دەبێ شیعر ببێتە شیعری ڕاست و بێ گرێ. سوارە ئێلخانی زادە لە شیعرەكانی بە تایبەت لە ڕوانگەی فۆرم و داڕشتنەوە دەتوانین وەك شاعیرێك سەیری بكەین كە زۆر لە دەستەی هەوەڵ دەچێ، ئەمە ئاشكرایە كە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران، شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر شیعری (بە
پێی دەقی وتارەكە) هاوچەرخی كوردی بووە.

كاك سوارەش كە ئەو كات دەگەڵ ئەم فەزا سیاسی و هەڵسوكەوتانە بووە، بێ شك لە بەرانبەر ئەم ئەسڵ و ڕواڵەتبازیانە هەڵوێستی هەبووە. هەڵبەت بە تێبینی ئەوە كە ریكوور وتەنی: دەقی شیعر ئەم جۆرەی كە خوێنەر وەبەر دڵی دەكەوێ، دەیخوێنێتەوە.

بە بۆ چوونێكی تر لە شیعرێكی سەر كەوتوودا شیعر بەرپرسیایەتی هەموو بۆ چوونەكان كە لە ئاستی شیعرەكە نەترازێ، وە ئەستۆ دەگرێ، شیعری شار دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فەزاو كەشو هەوایانەی ئەو كات.

هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە کە شیعری شار هەر دەبەسترێتەوە بەو ڕەوتە، چونکە شیعرەکە خۆی و شێوازو چۆنیەتی شیعرەکە ئەوە وەخۆ ناگرێ کە ئاوا لە چوار چێوەیەکی بەر تەسك بەند کرێ و لایەنەکانی تری لێ زەوت کەین، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەمیشە شت گەلێك دەبێ ببنە هاندەر و هەڵچوونی هەستی پەنگ خواردووی شاعیر.

ڕێم بدەن بەر لەوەی زیاتر بەناخی شیعرەکەدا ڕۆچین، ئاوڕێك لە ڕواڵەت یا وا باشترە ئاوڕێك لەم بۆ چوونە بدەینەوە کە ڕواڵەتی شیعرەکە ماوەیەك هەڵاو هەنگەمەی ناوە. ئێمە ئەگەر لە هەموو ئەرکەکانی وشە لەم شیعرەدا چاوپۆشی بکەین و وای دابنێین کە وشەی شارو دێ هەر تەواو پڕ بە پێستی ڕواڵەتی خۆیان ڕۆڵ دەگێرن، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم شیعرە گوایە دژی بارودۆخی ڕەوتی پیشەییە، بەڵام ئاخۆ ئەم قسەیە هەتا دوا کوتانی فرمان (فیعلي) ڕستەکە بڕ دەکا؟

ئەم چەند نموونەی خوارەوە لە شیعری شار جوانتر وەڵامی پرسیارەکەمان ڕوون دەکاتەوە.

**گوڵم**

**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**

**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

**ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێ یەکەم**

**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم بە دەردی ئینتزارەکەت**

ئێمە ئەگەر بەو دانانە کە ئەم شیعرە وا ڕاستەو خۆ شار بە جێیەکی با بڵێین دژی لایەنەکانی سەنعەتی یا دژی ژیانی شارەو لایەنگری بێ ئەم لاو ئەو لا لە دێ و ژیانی دێ دەکا، ئەوە لەو چەند بەیتەی خوارەوە دا ئیتر هیچ شتێکی بە بڕست نامێنێ. کە بتوانێ شك و گومان بێڵێتەوە.

**لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە**

**کەدێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند**

**وە تیشکی بێ گوناهی خۆرە تاو ئەخاتە بەند.**

بێ شك ئەم شیعرە یەکێك لەو شیعرە سەر کەوتووانەیە کە تێروانین و ئاوڕ دانەوەیەکی بەهێزو بڕستی پێویستە. سوارەش بە وەها تێروانینێکی مەزنی ئەدەبی کە توانی شیعری کوردی ناوەند سڕینەوە بکا.

شیعری شار لە چەند ڕوانگەی وەك تەمسیل و نمادی تایبەت، جێگە و پێگەی وشەکە چۆن جێی خۆیان کردۆتەوە و هەروەها مۆسیقای وشەکان وەها ئاوێتەیەکیان بە ناوی شیعری شار پێکهێناوە.

هەر شاعیرێ بە درێژایی ژیانی ڕەنگە نمادو تەمسیلی تایبەت بە خۆی هەبێ کە ئینسان بێ لە ڕیشە دەرکێشانی ئەوانە لە ناخی شیعرەکەدا، پێیان نەگا. هەر چەند ڕەنگبێ هێندێك نمادی تایبەت هەبن کە هەر لەو ڕستەیەدا یا هەر لەو شیعرەدا بتوانن وەها ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرن.

؟

(شار، دێ، گوڵ) سێ کوچکەی نمادی تایبەتی شاعیرن کە شار نمادی گزەو ڕۆژی چڵکن و خستنەبەندی تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو و قاتڵی هەژار یا ئەوەی کە ئەم شوێنەیە کە ئەوانەی تێدا پەروەردە دەکەن، یا خود کەسانێك هەن دەیانەوێ ئاوای لێ بکەن، بەڵام دێ بە نماد گەلێکی دژی ئەوانە وەك سەربەخۆیی، سافی و بێ گزەیی، جارە گوڵ و ڕەنگاو ڕەنگی و عاتیفە. هەروەها گوڵیش ڕۆڵ گەلێك دەگێرێ کە وەك یەك دەچن. لە ناسکیدا، لە زوو سیس بووندا، لە زوو سیس بوون بەو مانایەی کە خەتەرێکی گەورە هەڕەشەمان لێ دەکا.

ڕەنگە لێرەدا ئەم پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی شاعیر ئەم سێ وشەیەی بۆ نمادی خۆی هەڵبژاردووە و لە ئاکامیشدا وەها شیعرێکیان خوڵقاندووە کە لە ڕێسمە بردن و لە بیر چوونەوەی حەستەمە.

بێشك بارودۆخی کۆمەڵگا شوێنێکی ڕاستە خۆی لە سەر شاعیر هەیە، ئەم ڕەوتانەی کە ئەو دەم لە شارەکان گەڕا بوون وەك ئەسڵی نوێخوازی و شارستانییەت کە لە ڕاستیدا هەر شتێك بوو کە ڕۆژئاوا پڕوپاگەندەی پێ دەکردو هەر لە شارەکان وەها ئەسڵێك مانای هەبوو واتە هەر لە شارەکان گەڕا بوو. کەوابوو دێ لەم ڕواڵەتبازییەدا بە دوور بوو. لە لایەکی تریشەوە چۆن دێ لەم جێیەکی سەربەخۆ لە شیعرەکەدا هاتووە، ئەوانە هەموو ئەمەیان ڕەخساندووە کە شاعیر بتوانێ وەك نماد لە شارو دێ کەڵك تەواو کەری ئەو دوو نمادەی تر کەڵکی وەرگرتووە.

هەروەك وتمان شار نمادێکی تایبەت بە شاعیرە. شاعیر بە هێنانەوەی شار لە هەر جێیەکی شیعرەکەدا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ڕۆڵی شار لەم شیعرەدا چییە.

**گوڵم**

**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**

**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

**وەڕەز بوو گیانی من لە شارو هاڕەهاڕەی ئەو**

**لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاوویاوی شەو.**

لە هەر کام لەوانەدا باسی سەرەکی، دەرد و کوڵ، وەڕەز بوون، ڕۆژی چڵکن و نەخۆش کاتێ باسی شار دەکا، بەڵام هەر کە دەگاتە دێ ئیتر ئەمە هەم لە بواری مۆسیقا و هەم لە بواری شێوازدا گۆڕانی بەسەردا دێ.

**بڕۆمە دێ کە مانگە شەو بزێتە ناو بزەم.**

دوو شێوازی تەواو لێك جیا. ئەگەر بەشی هەوەڵ تووڕەو تووسەنە، بەشی دووەم تەواو عاتیفی و خۆشەویستانەیە کە ئەو لە وشە بە وشەی هەردوو بەشەکەدا دەبیندرێ. تۆ بڵێی ئەمە درکاندنی ئەو نەبێ کە هەر چەند دیتران دەگەڵمان تووڕە و تووسەن بن، ئێمە هەروا ڕۆحییەی غەنایمان هەیە!؟

لە سەراپای شیعرەکەدا ئەم باسانەی تێدا بەدی دەکرێ. ئیتر باسی شارو وشە ئاوەڵناوەکانی جیایە، تەنانەت ڕۆڵی ئەو ئەوەڵناوانەش هەر دیارە، «شارو کەمەندی دووکەڵ یا ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە.»

لە هەر کام لەوانەدا نیشانەی بێ هێزی، نیشانەی زوو بەسەر چوون یا خود شتێکی ڕواڵەتین. وەك داوەڵ کە شتێکی ڕواڵەتییەو بۆ ترساندن کەڵکی لێ وەردەگرن، بەڵام کاتێ باسی دێ دێت، ڕۆڵی ئاوەڵناوەکان دەگۆڕدرێ.

**ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێ یەکەم**

**عیلاجی کەم کوڵی پڕم**

**لە دەردی ئینتزارەکەت**

لێرەدا دەبینین کە ئاوەڵناوەکانی دێ، نمادی خۆڕاگری و بەرخۆدانن شاعیر عیلاجی دەردەکەی بە ئاوی کانیاو، ئەو کانیاوەی کە تەمسیلێك بۆ لە ناو خۆدا هەڵقوڵین و پشت بە کەس نەبەستن، دەکا

کامە دەرد؟ ئەو دەردەی کە خەڵکیان ئاوا لە چاوەڕوانیدا هێشتۆتەوە کە بڵێ ئەمە چەند دەردێکی گەورە بێت؟

شاعیر بە هێنانەوەی باسی زۆرتر لە شارو باسی کەمتر لەدێ، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە زوڵم و فشار و زۆری بە ناوی شارستانیەت زۆر زۆرترە لە عەدل و دادپەروەری کە شاعیر بە نمادی دێ لە قەڵەمی دەدا.

**کێ لەشاری تۆ**
**لە شاری قاتڵی هەژار**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟**
**منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم**
**بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت**
**ڕانەهاتووە لەشم**

لێرەدا شاعیر دیسان جەخت دەخاتە سەر ئەو خاڵە گرنگە ئەو شتەی کە نەیار پێی وایە من فریوی دەخۆم. ئەم نوێخوازییەی کە نەیار لە ڕاستیدا مراندوویەتی و لە ڕواڵەتدا جۆرێکی دیکە ناوی لێ دێنێ. (بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت) . لە ڕاستیدا دەیانەوێ، بیری نوێخوازی ئێمەش بفەوتێنن کە لەشی ئێمە بەوەها شتێك ڕانەهاتووە و وەها کردەوەیەك لە نێو ئێمەدا ڕێ و شوێنی نییە (منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم) .

سێیەمین نماد لە سێ کووچکەی نمادی ئەم شیعرەدا گوڵ بوو. گوڵ بەرانبەر دەگەڵ خودی شاعیر هاتووە، گراو و مخاتبی شاعیرە. ئەم گراوە دەگەڵ شار و ئاوەڵناوەکانی تووڕە و تووسەن و دەگەڵ دێ و ئاوەڵناوەکانی ناسك و زەریف خۆی دەنوێنێ، بەڵام ڕۆڵی گوڵ بەو تێبینیەوە کە دێ بۆ شاعیر شوێنێکی باش و بە کەڵك لەم شیعرەدا دێنێتە هەژمار و شار بە دژی وی.

کەوابوو گوڵی سروشتی و لە ناخی خۆ ڕووان لە دێ گەلێك زۆرترە. بەتایبەت ئەم شارەی کەشاعیر باسی لێ دەکا، دەستکردی دەستەیەك کەسی هەلپەرست و فریودەرانە بوو. (مەبەست لە پێ هەڵاگوتنی ئەسڵی نوێخوازی لە لایەن نەیارانی گەلەوە) وەك ئاماژەی پێ کرا، دەبێ بەهانە گەلێك بۆ شاعیر بڕەخسێ هەتا بتوانێ هەستی پەنگ خواردووی بەیان بکا، بەڵام بە پێی بارودۆخی زەمانە ڕەنگبێ ئە بەهانە گەلە لە قاڵب و شێوازی نمادی و ئیستعارەیی بەیان بکرێن.

شتی کامڵ و تەواو ئەم شتەیە کە لە هیچ لایەکەوە هەست بە بۆشایی نەکا. کاتێ باسی شار دێت، وشەکان ویشك و زەقن و هەروەها چەکووشی و زەربەیین. شار و گزە، شار و ڕەمزی ئاسن و منارە، شار و دارتێل و مەزهەری قنارە. شار و گوشینی دەستی چێوی، شار و زەلیل بوونی شێر، شار و باوی ڕێوی، بەڵام کاتێ باسی دێ دێت، وشەکان ناسك و زەریف دەبنەوە، ئارام پەپولە ئاسا لە جێی خۆیان دەنیشن، دێ و مانگە شەو و بزە، دێ و بنار و دێ، دێ و ڕەنگی سوور و شین، دێ و شیعر و عاتیفەی گەش.

فەلسەفەی هەموو ئەو شتانەی کە دەگەڵ دێ دێن هەر هەموویان باس لە هەڵکشان بەرە و لوتکە (بنار و دێ) ، ڕەنگاوڕەنگی ژیان و داهاتوو، دێ و ڕەنگی سوور و شین و هاتنە ئارای عاتیفە و خۆشەویستی (دێ و شیعر و عاتیفەی گەش دەکەن. )

ئەمانە هەمووی بە جۆرێك خوێنەری دەگەڵ ڕۆح و هەستی شیعرەکە ئاوێتە دەکەن و خوێنەر هان دەدەن دەگەڵ شیعرەکە بژی و نەفەسی ئاوێتەی ئەوبێ. لە لایەکی تریشەوە ئەم جۆرە شێوازە

که وشه به پێی ویست و داخوازی خۆی لەناو ڕستەدا دەکاتەوە، ئیتر ئەمە پەیامی وشە یا پەیامی ڕستەیە کە ئاهەنگی ڕستە دەست نیشان دەکا. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بەیتەو لە ڕۆڵی پیتی «ش» ورد بینەوە:

(لە هەر شەقام و کووچەیەك شەپۆڕی شینە) هەروەها لەم بەیتەی خوارەوەش: (ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەبچەیە) . بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە پێوەندیی مانایان پتەوتر کردووە. پەیامی بەیتی هەوەڵ هەر بە بیستنی، واتە هەر ئاهەنگەکەی نیشان دەدا کە دەیەوێ چی بڵێ.

ئەگەر جارێکیتر چاوێك لە شیعرەکە کەینەوە، دەبینین کە بە گوڵ دەست پێ دەکا و هەر بە گوڵیش کۆتایی دێ. هەروەك وتمان گوڵ هاوکات دەگەڵ شاعیر هاتووە و مخاتبی شاعیرە. کەوا بوو هەستێکی هیوا بەخشانە لە تەواوی شیعرەکە گەڕاوە و ئەم دوو گوڵە، شیعرەکە بەرە و لووتکەی هیوا کە نابڕێتەوە ڕێنومایی دەکەن.

با جارێکیتر کۆپلەی ئەوەڵ و ئاخری شیعرەکە بخوێنییەوە:

**گوڵم**
**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

کۆپلەی ئاخریش:

**بناری پڕ بەهاری دێ**
**ڕەنگی سوور و شین ئەدا**
**لە شیعر و عاتیفەی گەشم**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم**

دەبینین کە شیعرەکە بە گوڵ دەست پێ دەکا. ئەو گوڵەی کە یەکێك لە سێ کوچکەی نمادی شاعیر بوو. هەر بە گوڵیش کۆتایی دێ. ناکۆتایی نایە. هەر بە گوڵ (خەڵك) دەست پێ دەکا و هەر لە خەڵکیشدا دەمێنێتەوە.

بەڵێ (هەتا نەفەس هەبێ، خەڵکیش هەیە، هەتا خەڵکیش هەبێ، نەفەسیش هەیە) 1[1] هەتا ئەوانەش هەبن ئەو شیعرەش هەروا لە گەڕیاندایە...

سەرچاوەکان

1 ـ وتارێکی بەڕێز شەمسی لەنگروودی لەمەڕ ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران هەتا شۆڕشی (1357) ی هەتاوی.

2 ـ خەوە بەردینە، کۆمەڵە شیعری سوارەی ئێلخانیزادە